# باسێک لەبارەی مێژووی پۆشاکی کوردییەوە


**هۆشیار بەکر عەزیز**
**(کەرکووک)**


پۆشاک و چۆنیەتی دروستکردنی، خۆی لە خۆیدا هونەرە، لە دوای زمان بەشێکی سەرەکی ناسنامەی نەتەوەیە، ڕوحی جواندۆستی و گەشبینی لەناخی مرۆڤی کورددا وای کردووە بەردەوام گۆڕانکاری و داهێنان لەجۆر و دیزاینی پۆشاکدا بکات و ڕەنگی جوانتر و گونجاوتر بەکار بهێنێ، کە لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانیدا بگونجێ.

هەڵبەتە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان پۆشاکی کوردی چ هیی پیاوانە، یان ژنانە بێت، تا ئەندازەیەک لەشێواز و دیزاین و کەرەستەی پۆشاکەکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، بێگومان ئەمەش هۆکاری سروشتی و کۆمەڵایەتی و کاریگەری پۆشاکی نەتەوە هاوسێکانی لەسەرە و بەپێچەوانەشەوە.

پۆشاکی دانیشتوانی ڕۆژئاوای کوردستان تەنگ و تەسکن، پیاوان شەرواڵی دەلنگ لوولە سۆپایی لەپێ دەکەن، لەگەڵ پەستەکی سفت و کورتەکی تەسکدا، ڕەنگی ڕەشی بەقەیتانی زەرد نەخشێنراو زیاتر باوە، لە جلوبەرگی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و باڵکانەکان دەچن (١).

بەپێی توێژینەوەیەکی زانستی، کوردستان لانکەی گەشەسەندنی شارستانیەتی تێکڕای ناوچەکەیە، پۆشاکی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەگوێرەی سەرچاوە ئارکیۆلۆژییەکان مێژووەکەی بۆ سەردەمی گۆتییەکان و میتانییەکان، پاشان بۆ ئیمپراتۆری میدیا و ساسانییەکان دەگەڕێتەوە و ڕەنگە لەو مێژووەش کۆنتر بێت.

بەڵگەگەلی ئازایەتی و دلێریی ژنانی کوردستان گەلێ لەوە کۆنتر و دێرینترن کە لە تۆمارەکاندا نووسراون، لە گۆڕستانە (١٢٠٠٠) ساڵ تەمەنەکانی شانیدەر لە کوردستانی ناوەند (کە پڕن لە پاشماوەی مرۆڤی نیاندەرتال) تاکە کەرەستەی خۆڕازاندنەوە کە لەگەڵ زۆربەی ئێسکوپرووسکی مێینەکاندا دۆزراونەتەوە، چەقۆی جوان نەخشێنراو بوو(٢). ڕەنگە لەداهاتوودا و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستی دۆزینەی سەرچاوەی تر زانیاری پوخت و زیاترمان لەسەر شێواز و دیزاینی

تری پۆشاکی کوردی لەسەردەمە جیاوازەکاندا دەست بکەوێت، بەڵام ئەگەر سەیری پەیکەرە کۆنەکان و هەڵکۆڵراوەکانی سەر ئاسەوارە دێرینەکان بکەین، بەتایبەتی پۆشاکی ماددەکان جیاوازی لەگەڵ پۆشاکی کوردی ئێستادا هەیە.

پۆشاکی ئێستای پیاوان (ستارخانی و مرادخانی و هاوشێوەکانی)، مێژووەکەی بۆ نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. بەگوێرەی وێنە کێشراوەکانی هونەرمەندان و وێنە فۆتۆگرافییەکانی گەڕیدەکان، بۆمان دەردەکەوێت پۆشاکی سەدەکانی ڕابوردوو چ پیاوانە، یان ژنانە بووایە فراوان بووە، لە چەند پارچەیەک پێکهاتووە کە قوماشێکی زۆری تێدا بەکار هاتووە، بەڵام ئێستا پۆشاک بەشێوەیەک دروست دەکرێت کە لەگەڵ جەستەدا ڕێک بێت و جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەرکەوێت و بە بەراورد لەگەڵ جاران قوماشیش کەمتر بەکار دەهێنرێت. جلوبەرگ یەکێکە لە دیاردە ماددییەکانی کولتوور، هەموو دیاردە کولتوورییەکان (ماددی و مەعنەوی) پڕ مەعریفە و مەعریفە بەخشن: جلوبەرگ، خۆراک، خانوو (پەناگە)، کەلوپەلی ناو ماڵ (٣).

ئەیووبییەکان لەسەدەی شەش و حەوتی کۆچیدا لە شام و میسر و هەندێک ناوچەی باکووری ئەفریقیا و یەمەن دەسەڵاتدار بوون، لەگەڵ خۆیاندا کەلەپووری کوردییان بردووەتە ئەو ناوچانە و دەسبەرداری نەبوون، بەتایبەتی پۆشاک و جلوبەرگ، وەک: ڕۆژهەڵاتناس ل. ا. مایەر (١٨٩٥- ١٩٥٩) دەڵێت: لەگەڵ گەیشتنیان بە میسر و وڵاتی شام خاڵی وەرچەرخانی مەزنیان هێنایە کایەوە لە ئەرز و دابونەرێتی جلپۆشیندا، بەدرێژایی سەردەمی ئەیووبی و دواتریش مەملووکی (٦٤٨- ٩٢٣ک/ ١٢٥٠-١٥١٧ز) چاومان بە ژمارەیەک جلوبەرگ دەکەوێت کە ناوەکانیشیان پەیڤی ڕەسەنی کوردین، وەک سەرپۆش (شربوش) و هەیاسە (الحیاصة) و چۆغە (الجوخ) و کلێتە (الکلوتة) و پێشتر ئەم جلوبەرگانە لە مێژووی میسر و شامدا بوونیان نەبوو(٤).

پۆشاکی کوردی جێگەی شانازی و ناسنامەی کوردە، سەرەکیترین ئامرازی بە شارستانیبوونە. دانا ئادەمز شمدت ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکییە، سەردانی کوردستانی کردووە، باسی پۆشاکی کوردی دەکات و دەڵێت: کوردەکان زۆر قسەیان کرد لەسەر ئەو پۆشاکانەی لەبەری دەکەن، ئەوان شانازی بە پۆشاکی نیشتمانیان دەکەن و زۆر بەسۆزەوە پێوەی پەیوەستن، پۆشاکی کوردی لای ئەوان وەک ئاڵا وایە، چاکترە لەهەر پۆشاکێکی سەربازی (٥). لە هەر سەردەمێکدا شێوازی تایبەتی پۆشاک هەبووە، درێژە پێدەری سەردەمەکەی پێش خۆی بووە و کاریگەری بۆ پاش خۆی جێ هێشتووە. لەبەر ئەوەی کوردستان لە چەندان کۆمەڵەی جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و کولتووری جیاواز پێکهاتووە، بۆیە زەمینەیەک هاتووەتە ئاراوە کە کولتوورەکان کاریگەری یەکتریان پێوە دیاربێت.

پێشکەوتنی شارستانیەت و پەیدابوونی قوماشی جۆراوجۆر و نایاب هۆکاری سەرەکی بوون بۆ گۆڕانکاری لە پۆشاک و شێوازیدا، پەیکەر و تابلۆی کۆنی سەردەمە جیاوازەکانی ئەو دەسەڵاتانە هەندێ زانیاریمان دەدەنێ لەسەر جۆری پۆشاک کە لەو سەردەمانەدا بەکار هاتوون، هەروەها هەندێ سەرچاوەی عەرەبی و ئیسلامی باسی شێواز و جۆری پۆشاکی کوردییان کردووە، سەرەڕای ئەو گەڕیدە و کاربەدەستانەی بێگانەکان کە هاتوونەتە کوردستان. پەیکەرێکی گڵین دۆزراوەتەوە، وێنەی عوودژەنێکی میتانییە کە لە (نوزی)ی لای کەرکووک دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی

بۆ (١٥٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، وێنەکە بریتییە لە جلوبەرگێکی پانوپۆڕ تا خوار چۆک هاتووە، لە (کەوای) ئێستا دەچێت، لە ناوەڕاستەوە کراوە بێت و لێوارەکانی بە نەخشی جۆر بەجۆر ڕازابێتەوە (٦).

ماددەکان هەروەک گەلانی پێش خۆیان سوودیان لە کەرەستەی خاوی دەوروبەرەکەیان وەرگرتووە و لە پێستی ئاژەڵ پۆشاکیان دروست کردووە. ماددەکان بەرگی چەرمیان لەبەردا بووە، جلوبەرگەکانیان بەوە دەناسرێنەوە کە لە چەرم دروست کراون، جگە لە سادەیی و تەنگ و تەسکی شێوەکانیان، کراس، یان کەوای ماددەکان تا سەر ئەژنۆیان درێژە، قۆڵەکانیشیان لە شانەوە تا سەر مەچەکیان درێژە، بەلوولەیی و گرد بەرچاو دەکەون، یەخەی کراسەکان بە سێ جۆر بەرچاو دەکەون (بەنیوە گرد، نیوە بازنەیی لەبار، ئاسۆیی)، قۆڵی کراسەکان دۆخێکی سادەیان هەبوو، کە لەسەر شانەوە دووراوە، هیچ نەخشێکی کراسی ماددەکان گۆشە و پارچەی زیادەی وەک لەچکیان نییە، لەبەر ئەوە لەوە دەچێت لەبن هەنگڵەوە پارچەیەکی سێگۆشەیان بۆ کردبێت، درێژی قۆڵەکان تا سەر دەست و مەچەک درێژن.

ماددەکان شەرواڵێکی گردە و دوو دەرەلنگیان بۆ دروست کردوون کە داوێنی کراسەکانیان لای ژووروی شەرواڵەکانی داپۆشیوە، پشتوێنی ماددەکان پارچە چەرمێکی درێژی هەبووە، بەئەندازەی دوو جار هاتنەوە بەپشتی خاوەنەکەیدا (٧). نموونەی شەرواڵی درێژ لەسەر سینییەکی گلێنەیی هەیە کە هونەرمەندێک وێنەی زوحاکی لەبارودۆخێکی دۆڕاودا لەسەر سینییەکە کێشاوە، ئەوەی گرنگە بەلامانەوە وێنەی ئەو شەرواڵەیە کە لەبەر زوحاکدایە تەسکە و لە قوماشی نەرم دروست کراوە و پێچاوپێچی زۆر تێدایە کە هەر دەبێت لە ئاوریشم بێت (٨).

شەرواڵ، نەتەوە دێرینەکانی تر پێیان نەزانیوە (٩)، بەڵام ئەوەی گرنگە و پێویستە جەختی لەسەر بکرێت ئەوەیە کە شەرواڵ بە کۆدەنگیی زمانەوانان و فەرهەنگنووسان، پەیڤێکی ئەعجەمییە ــ نا عەرەبییە و لەعەرەبی بووەتە سروال (١٠). شێوەی جلوبەرگی ئەو سەردەمانە گەیشتووەتە دەستمان کە لەناوچەی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی باو بوو، سەردەمی ساسانییەکان بەم شێوەیە بووە: شێوەی باوی جلوبەرگی پیاوان بریتی بووە لە کراسێکی تا سەر چۆک درێژ و شەرواڵێکی پانوپۆڕ، کە لەسەردا لەبەر کراوە و لەشەرواڵی ئێستا پانوپۆڕتر بووە و بە نەخشونیگار ڕازاوەتەوە (١١). ئەم شێوازە پۆشاکە بووەتە بنەمایەک لە سەردەمە جیاوازەکاندا گۆڕانکاری تێیدا کراوە، بووەتە ئەو پۆشاکە پیاوانەیەی ئێستا دەپۆشرێت.

لەبەرئەوەی هەندێ ناوچەی کوردستان لە وڵاتی ڕۆمەوە نزیک بووە، لە دروستکردنی هەندێ جۆری پۆشاکدا، کاریگەری ئەوانیان لەسەر بووە، پۆشاک زیاد لەپێویستی خۆیان دروست کراوە و جۆرەکەی باش بووە، بۆیە هەناردەی دەرەوە کراوە، وەک جاحیز باسی دەکات لەوەی لە وڵاتان هێنراوە، باسی جلوبەرگی ئاوریشمی و جامانە و پەردە و نان و گونیەی دروستکراو لە خوری کە شاری ئامەد پێی بەناوبانگ بووە و لەوێوە بۆ دەرەوە هەناردە کراوە، وەک دەردەکەوێت لەبەرئەوەی سنووری شارەکە لەوڵاتی ڕۆمەوە نزیک بووە، ئەوە پیشەسازییەکەیان بەپیشەسازییەکانی وڵاتی ڕۆم کاریگەر بووە، وەک هەندێ لەپۆشاکەکانیان

بەڕۆمـی ناسـراوە (١٢).
ژن و خشڵ دووانەیەکن و لەیەکتری جیانابنەوە، وەک غەریزەیـەک ژنـان حـەز بەخۆڕازاندنـەوە دەکـەن، هەرچەنـدە پێشـینان لایـان وابـووە ڕەوشتی ژن لەزێڕ چاکترە و بایەخیـان بەناوەڕۆک زیاتـر لـە ڕوخسـار داوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕوخسـاریان فەرامـۆش نەکـردووە (١٣).
زۆربـەی چنـراوەکان و قوماشـەکان بەنـاوی ئـەو جێگایانـەوە ناونـراون کـە لێـی دروسـت کـراون، بـۆ نموونـە: قوماشـی نـوزی دەگەڕێتـەوە بـۆ شـاری نـوزی لـە باکـووری عێـراق (١٤). لەدێـر زەمانـەوە کـورد پۆشـاکی خـۆی لـە کەرەسـتەی مـەڕ و ماڵاتـی خـۆی دروسـت کـردووە و هەرگیـز پشتیان بەبازرگانی نەبەستووە بۆ بەدەسهێنانی پۆشـاک، ئافـرەت لەخـوری مـەڕ و مـووی بـزن پۆشـاکی چنیـوە کـە کەرەسـتەیەکی زبـر و توندوتۆڵـە و جەسـتەی مـرۆڤ دەپارێزێـت و باشـترە لـە قوماشـی لـە لۆکـە دروسـت کـراوی هـاوردە، پیـاوان ڕانکوچۆغـە لەبـەر دەکـەن کـە لەمـووی بـزن دروسـت دەکرێـت (١٥).
ئـەو پۆشـاکانەی کـورد لەبـەری دەکـەن، پیاوانە بێت، یـان ئافرەتانـە لـە ئێران و عێراق، چنراوەکانـن کـە بەدەسـتگای جۆڵایـی دەسـتی دروست دەکرێن (١٦). جۆڵایی پیشـەیەکی کۆنـی کوردەوارییـە، زۆر پێداویسـتی ژیانـی ڕۆژانـەی خەڵکـی دابیـن کـردووە، چـی پۆشـاک، چـی پێداویسـتی نـاو مـاڵ لـە جاجـم و پۆپەشـمین و بەرماڵ، لەکۆندا لـە کوردسـتان جـۆڵا توانیویەتـی تـا ئەندازەیەکـی بـاش جلوبەرگـی پیاوانـەی کـوردەواری و کەلوپەلـی پێداویستییەکانی ناوخـۆ بەرهـەم بهێنێـت کـە لەلایـەن ژنانـەوە زۆربـەی ئـەو کارانـە کـراون وەک ڕانـک و چۆغـە، کۆمەڵـێ ناوچـە هەبـوون لـە کوردسـتان بەناوبانـگ بـوون لـە چنینـی جلوبـەرگ وەک (شـاری ماردیـن و دەوروبـەری و ناوچەکانـی سـەر بـە مووسـڵ)، بەتایبەتـی ئـەو کەرەسـتانەی کە پەمۆ بوون، تـا سـەردەمی عوسـمانی کوردسـتان سـەرچاوەیەکی سـەرەکی بـوو بـۆ بەرهەمهێنانـی بەرهەمـی پەمـۆ و ڕەوانەکردنـی بـۆ مووسـڵ، هەروەهـا لەگونـدی حـەززەی تەنیشـت هەولێـر گوندەکـە بـە پەمـۆ بەناوبانـگ بـوو، (ئامەد)یش لـە هەرێمـی جەزیرە مەڵبەنـدی بەرهەمهێنـان و ناردنـە دەرەوەی جلوبەرگـی نەخشـێنراو بـوو، وەک: مەندیـل، مەقـارم (جۆرێکـە لەچـارۆگ)، سـەرەڕای ناردنـە دەرەوەی جلوبەرگـی دروسـتکراو لەخـوری و کەتانـی ڕۆمـی (١٧). لـە ناوچـە دراوسـێیەکانی بتلیـس و مـووش، جـۆرە قوماشـێکی خەتـدار دروسـت دەکـەن، لـە قوماشـی تارتـان (جـۆرە قوماشـێکی خـوری میـل میلـی چـەپ و ڕاسـتە) دەچـێ (١٨).
عەبـا لـە قوماشـێکی ڕەش دروسـت دەکرێـت، لەسـەرییەوە تـا پاژنـەی پێـی تـەواوی گیانـی ئافـرەت دادەپۆشـێت، بێ یاخەیـە و قۆڵـی درێـژە تـا باسـک و پێشـەوەی کراوەیـە، ئـەم پۆشـاکە تایبـەت بـووە بـە عـەرەب، کـورد لـە عەرەبـەوە وەری گرتـووە، لـە مێـژووی دێرینـی کورددا نەبـووە. ئافرەتـی کـورد قوماشـی ڕەنگاوڕەنگـی (سـوور، سـپی، ڕەش، سـەوز، شـین) دەدا بەسـەریدا تـا دەگەیشـتە سـەرووی ئەژنـۆی. (کـە ئێسـتا پێـی دەڵێـن چارۆگـە - ڕامـان).
ئەگـەر سـەرنج بدەینـە وێنـە کۆنەکانـی پۆشـاکی کوردەواری ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان، دەبینیـن ئـەو پۆشـاکانە فـراوان و سـادە بوونـە، هیـچ جوانکارییەکـی تێـدا بـەدی ناکرێـت و قوماشـێکی زۆر بـۆ سـەرپۆش و پشـتوێن بـەکار هاتـوون، بەگشـتی ئـەو پۆشـاکانە ناڕێکییـان پێـوە دیـارە،

**دیـاره ئەمــەش هــۆکاری خـۆی هەبـووە، مـرۆڤ لەجووڵانیکـی بەردەوامـدا بـووە، چـی کارکـردن بێـت، چـی هەڵسـوکەوت و ڕێ کردنێکـی زۆر، بەپێچەوانـەوە ئێسـتا مـرۆڤ کەمتـر جووڵـە و کاردەکات، بۆیـە ئێسـتا پۆشـاک ئـەو فراوانییـەی جارانـی نەمـاوە و ڕێـک و قیتـە لەبـەردا.**

**لاوک و حەیـران و مەتەڵـی فۆلکلـۆری، ئەمانـەش بوونەتــە کەرەسـتەیەکی باوەڕپێکـراوی مێژوویـی کە بەسـەرهات و ڕووداوی مێژوویی و باسوخواسـی کۆمەڵایەتــی لەخــۆ دەگــرن، نــەوە دوای نــەوە دەستاودەسـتی پێکراوە، بەو هۆیـەوە توانراوە ئەو هەمـوو بابەتانـە لـە نەمـان ڕزگار بکرێن. لاوکمـان هەیـە تەمەنـی ٢٠٠ تـا ٤٠٠ سـاڵە کـە سـەرجەم باردودۆخـی ژیـان و گـوزەران و بـاری کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و سیاسـی و جەنگـەکان و سـەرکەوتن و شکسـت و ڕووخانـەکان و خۆشەویسـتی و گریـان و کۆمەڵـکـوژی کـوردان، تەنانــەت وردەکاری لەباسـکردنی جلوبــەرگ و خــواردن و جــۆری ئەسـپ و مامەڵـەی ڕۆژانـەش لەخـۆ دەگرێت (١٩). ڕووپۆشـی، دیاردەیـەک بـوو کـە ئافرەتـی کـورد لـە مێـژووی خۆیانـدا لەسـەری ڕانەهاتبـوون (٢٠). ئـەم دیاردەیــە چەنــدان گەڕیــدە و بەرپرســی بێگانــە کاتێـک هاتوونەتــە کوردسـتان ئاماژەیـان پــێ کــردووە.**

**پەراوێزەکان:**

١ - میهـرداد ئیزەدی، چـەردە باسـێک لەبـارەی کوردانـەوە، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزییـەوە: ئەمیـن شوان، دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا٥٦٨.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٤٣٩.

٣-دوکتـۆر ڕەشـاد میران، مەعریفە و کولتـوور و ئایدیۆلۆگیا (پەیوەندی و میکانیزمی کارلێککردنیان)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢١، ٢٠١٢، لا٩١.

٤- پ. د. زرار صدیـق تۆفیـق، کۆمەڵـگای کـوردەواری لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٤، لا ٢٥٥ ـ ٢٥٦.

٥- دانـا آدمـز شـمدت، رحلـة الـى رجـال الشـجعان في كردسـتان، ترجمـة و تعليـق: جرجيس فتـح اللـه، دار آراس للطباعـة، اربيـل، ٢٠١٢، لا٤٦.

٦- ئینسـایکلۆپیدیای کەرکـووک، کولتـوور و شارستانییەت لە دەڤەری کەرکووک، سەرپەرشتیاری گشـتی و نووسـین و پێداچوونـەوەی: سمکۆ بەهـرۆز (ئـەژی)، بەرگـی شەشـەم، ٢٠٢٣، لا٨٤.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٧ – ٨٨.

٨- الدكتـور صـلاح حسـين العبيـدي، الملابـس العربيـة الاسـلامية في العصـر العباسـي مـن المصـادر التاريخيـة والأثريـة، دار الرشـيد للنشـر،١٩٨٠، لا١٩٩.

٩- الدكتـورة تحيـة كامـل حسـين، تاريـخ الأزيـاء و تطورهـا، الجـزء الأول، العصـور القديمـة، دار نهضـة مصـر للطباعـة والنشـر والتوزيـع، القاهـرة، الطبعـة الثانيـة، ٢٠٠٢، لا٨١.

١٠- پ. د. زرار صدیـق تۆفیـق، کۆمەڵـگای کـوردەواری لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت، هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو، لا٢٦٠.

١١- ئینسـایکلۆپیدیای کەرکووک، بەرگـی شەشـەم، هەمـان سـەرچاوەی پێشوو، لا٨٨.

١٢- دوکتـۆر حەکیـم ئەحمـەد خۆشـناو، کـورد و کوردسـتان لەدیدی گەڕیدە و وڵاتناسـانی موسـڵمان (٢٣٢ – ٦٢٦ک – ٨٤٦ – ١٢٢٩ز)، وەرگێڕانـی شـوکر سلێمان، هەولێر، ٢٠١٤، لا٢٩٣.

١٣- د. پەخشـان سـابیر حەمـەد، کەسـایەتی ژن لەپەنـدی پێشـینانی کوردیـدا، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە ١٦، ٢٠١٠، لا٢٤٢.

١٤- الدكتـور وليـد الجـادر، الملابـس الشـعبية فـي العـراق، المؤسسـة للصحافـة والطباعـة، ١٩٦٠، ص١٥.

١٥- الدكتـور جمـال رشـيد، ظهـور الكـورد فـي التاريـخ ـ دراسـة شـاملة عـن خلفيـة الأمـة الكورديـة و مهدهـا، الجـزء الثالـث، الطبعـة الاولـى، دار ئـاراس،

اربیل، ٢٠٠٥، ص٥٧٣.

١٦- ویلیام ایغلتون، القبائل الکردیة، ترجمة د. احمد محمود خلیل، الطبعة الأولی، اربیل، ٢٠٠٦، ص ٢٠.

١٧- سازان سەباح پیربال، پیشەی جۆلایی لای جووەکانی کوردستان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان، ژمارە ٤٧، ٢٠٢١، ل٣٦٥ - ٣٦٧.

١٨- جۆن مەکدۆناڵد کینێیر، سەفەرنامەی جۆن مەکدۆناڵد کینێیر بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٤، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢٢، ل٨٠.

١٩- ڕێژەن حەسەن مەجید، دەنگبێژی وەک بەشێک لە ناسنامەی کولتووری کورد، بەرهەمەکانی بیست و شەشەمین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی گەلاوێژ، سلێمانی، ١٢ - ٢٠٢٣/١٠/١٤، ل١٢٦.

٢٠- الدکتور جمال رشید، ظهور الکورد في التاریخ، الجزء الثالث، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٨.

**سەرچاوەکان:**


١- میهرداد ئیزەدی، چەردە باسێک لەبارەی کوردانەوە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ئەمین شوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢- دوکتۆر ڕەشاد میران، مەعریفە و کولتوور و ئایدیۆلۆگیا (پەیوەندی و میکانیزمی کارلێککردنیان)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢١، ٢٠١٢.

٣- پ. د. زرار صدیق تۆفیق، کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- دانا آدمز شمدت، رحلة الی رجال الشجعان في کردستان، ترجمة و تعلیق جرجیس فتح الله، دار آراس للطباعة، اربیل، ٢٠١٢.

٥- ئینسایکلۆپیدیای کەرکووک، کولتوور و شارستانییەت لە دەڤەری کەرکووک، سەرپەرشتیاری گشتی نووسین و پێداچوونەوەی سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)، بەرگی شەشەم، ٢٠٢٣.

٦- الدکتور صلاح حسین العبیدي، الملابس العربیة الاسلامیة في العصر العباسي من المصادر التاریخیة والأثریة، دار الرشید للنشر، ١٩٨٠.

٧- الدکتورة تحیة کامل حسین، تاریخ الأزیاء و تطورها، الجزء الأول، العصور القدیمة، دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزیع، القاهرة، الطبعة الثانیة، ٢٠٠٢.

٨- دوکتۆر حەکیم ئەحمەد خۆشناو، کورد و کوردستان لە دیدی گەڕیدە و وڵاتناسانی موسڵمان (٢٣٢ـ ٦٢٦ک - ٨٤٦ـ ١٢٢٩ز)، وەرگێڕانی شوکر سلێمان، هەولێر، ٢٠١٤.

٩-د. پەخشان سابیر حەمەد، کەسایەتی ژن لەپەندی پێشینانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە، ١٦، ٢٠١٠.

١٠- الدکتور ولید الجادر، الملابس الشعبیة في العراق، المؤسسة للصحافة والطباعة، ١٩٦٠.

١١- الدکتور جمال رشید، ظهور الکورد في التاریخ ـ دراسة شاملة عن خلفیة الأمة الکوردیة و مهدها، الجزء الثالث، الطبعة الاولی، دار ئاراس، اربیل، ٢٠٠٥.

١٢- ویلیام ایغلتون، القبائل الکردیة، ترجمة د. احمد محمود خلیل، الطبعة الأولی، اربیل، ٢٠٠٦.

١٣- سازان سەباح پیربال، پیشەی جۆلایی لای جووەکانی کوردستان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٤٧، ٢٠٢١.

١٤- جۆن مەکدۆناڵد کینێیر، سەفەرنامەی جۆن مەکدۆناڵد کینێیر بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٤، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢٢.

١٥- ڕێژەن حەسەن مەجید، دەنگبێژی وەک بەشێک لە ناسنامەی کولتووری کورد، بەرهەمەکانی بیست و شەشەمین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی گەلاوێژ، سلێمانی، ١٢ ـ ٢٠٢٣/١٠/١٤.